www.kurdistannet.org
27-7-2006 17:02بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

# گفتوگۆی نێوان من و تۆ (كاك عومەر فارس) دەبێ وابێ!!! ... جەزا چنگیانی



ئێمەی كورد ئەگەر بڕوامان وابێت كە كوردستان (وولاّتی كوردان) ە داگیر و دابەشكراوە. دەبێ پڕۆژەی كوردی لە دوور و نزیكدا پڕۆژەیەكی نەتەوەی یانی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی بێت.. ڕاستە قۆناغی گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە ئەدمۆسفیری سیاسی نێودەوڵەتی و ناوچەی و هوشیاری تاكی كۆمەڵ و كاركردنێكی شێلگیران (جدی) دەوێ. وەلێ دەبێ دەنگی ڕەسەنی كوردی بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە هەمیشە زووڵال بێت.. چاوی ڕەخنە وچاودیری وخۆێندنەوەی هەمیشەی لەسەر دەسەڵاتدارانی كوردی بە پلەی یەكەم و بە پەلەی دووهەم كۆلۆنیالیستەكانی كوردستان بێت. چونكە (دزی ماڵ ترسناكترە لە دزی دەرەوە... دزی ماڵەوە پیویستی بە شكاندنی دەرگا وپەنجەرە وكلیل نیە هەموو كاتێك دەتوانی دزی لەمالڕ بەئاسانی بكات بەڵگەش نەداتە دەست دادگا... دزی دەرەوە بێگانە بە ئاسانی دەرگاو پەنجەرەی بۆ ناشكی وكلیلی ماڵی چنك ناكەوێت) پڕۆژەی نەتەوەی هێندە پیرۆزە سڵ لەوە ناكاتەوە هەركەس و دەسەڵات وئایدۆلۆژییەك بخاتە ژێر پرسیاری بەرژەوەندی و ئیستراتیجی نەتەوەیە یانی بە كوردی و بە كورتی (هەموومان لە ئاست بەرژەوەندی وپرۆژەی نەتەوەیدا پچووكین) بۆیە زمانی تیژی ڕەخنە لە ئاست بەرژەوەندی وبەرنامەی نەتەوەیدا نەك پیویستە بەڵكو (ئەركێكی سەرەكییە) تێگەیشتن لەم تێزە هزریە بۆ تاكی هەرزەی كوردو دەرویشەكانی (یەكیتی و پارتی) نەك گرانە بەڵكوو (هەڵویستی نەتەوەییەكان) بە جنیودادەنین*.. من و هاوهەڵوێستەكانم ڕەخنە لە دەسەڵاتی ئیستای كوردی دەگرین مەبەستمان ڕماندنی دەسەڵاتی كاتی كوردی نیە. نەخێر پێچەوانەوە مەبەستمان مسۆگەركردنی مافە سەرەتاییەكانی مرۆڤە بۆ تاكی كورد. ئەمە ئەركی نەتەوەیە مرۆڤویستەكانی كوردە (ئەگەر نەیكەین خیانەت دەكەین) منیش كەیەكیم لە خزمەتكارانی نەتەوەكەمم دەنووسم تاوانە باڤیل كۆشكی هەبێ و مرۆڤی كوردی واش هەیە نانی ڕۆژ و كارێكی بۆژیان نیە. بەڕێز هیرۆخانی هاوسەری دیكتاتۆر ملیونەها دۆلاری لەسەرداماوی هەلەبجە وەرگرتووە خەڵكی داماوی هەڵەبجەیش تائیستاش لە چاوەڕوانی ئاوی خواردنەوو جوانی شەقامەكانیاندان. لەسەر ئەم هەڵوێستەم چەند چەقۆ. چەند تف ونوسینی پسووڵەی سوكایەتی و ئیمایلی جنیۆم پیبدری پێشوازی لێدەكەم دەزانی بۆ؟ چونكە گشتی لە پێناوی مافی مرۆڤی كورد و ئازادی كوردستاندایە.

كاكەعومەربەڕێزتان ئەركێكی ڕ و شنبیری و نەتەوەیی گرنگتان هەڵگرتوە ڕەچەشكین وخاوەنی یەكەم ڕۆژنامەی ئەلكترونین. بۆیەدەبێ هوشیاریت هێندە بالاّبێت لە زمان و ئایدۆلۆژی و مۆڕاڵ وئیستراتیجیتی گشت نوسینێك و نوسەریك كە دەبنە میوانی سایتەكت لە ئاستی پڕۆژەی هزری ئیستراتجیتی وئەركەكەت بگەیت. من وەك ڕۆژنامەنووسیك كە موڕاڵی كەسایەتی و كارم مۆڕاڵی نەتەوەییە هەر لە پێناوی ئەرك و خزمەتكردن بە كێشەی ڕەوای نەتەوەكەم نە شەرم نەترس لە هیچ هەڕەشە و جنێویكی نەیارەكانم ناكەمەوە. هزر و موڕاڵم شانازیە و میژوویەكم بۆ تۆماردەكەن. پیرۆزی خاكەكەم (كوردستان) وسەرووەری (نەتەوەكەم) كورد پیرۆزترین سوێندی ویژدانمە. ویژدانێك



وێنەی شاری هەڵەبجە... ڤۆتۆ ئاوێنە

کەلە ئامێزی پێوەرە مرۆیەکاندا پەروەردە بووە. ئەگەر بەڕێزتان وگشت ئەوانەی ئاشنای من ونووسینەکانی منن گەرەگتان بێ گەرەکیان بێت لە کرۆکی نووسینەکانم بگەن خۆتان هەڵنەخەڵتێن ئەوەندە بەسە کەمن بە شانازییەوە لە هەموو نووسینک و هەڵویستیکدا کوردستانی بوونی خۆمم کردوە بە ئالآیەک لە سێبەریدا شانازی دەکەم. هەرچی دەنووسم (ووتار. تۆژینەوە. ڕۆمان. کورتە چیرۆک. نۆیترین بەرهەمی ویژەی کوردی پڕۆژەی حەزە وردیلەییەکان) تەنیا مەبەستم ڕاچڵەکاندن و بەئاگاهانینەوەی تاکی کوردە و ئاشناکردنیانە بە فەلسەفەی جوانی ژیان. تا مرۆڤی کوردیش وەک مرۆڤەکانی تری ئەم دونیایە بە ئازادی و شادومانیەوە بژین. ژیان بە ئاسودەیەوە جوانە نەک کۆیلەیی مرۆڤ نابێ کۆیلەی کولتور وکۆلۆنیالیست و دکتاتۆربێ. بۆیە بە شێوەی ئۆرۆتیک و سیکسی ڕۆمان و چیرۆک و پڕۆژەی حەزە وردیلەییەکان دەنووسم گەرکمە تاکی میللەتی کورد هێندە ووشیاربن بزانن ئازادی تاک لەچ ئاستیکدایە. ؟ شۆرش تەنیا چەک و تورەبوونی بازوو نیە. میدیا دەتوانی شۆڕشیک لە ناو جەماوەردا بەرپابکات کەهێزی بەرامبەر هێزی بۆمبی ئەتۆمی بێ. بەڕێزتان نابنە خاوەنی هیچ خاڵێکی پۆزەتیفی ئەڵتەرناتیفی کۆمەڵگای گەوج ئەگەر لە کۆلتور و هزری باو و دیکتاتۆریتی کوردی یاخی نەبن. تێگەیشتن لە نووسین لە هونەری خویندنەوەدایە نەک حونجەکردنی ووشەو ڕستەکان بێ تیگەیشتن. ئەو کۆمەڵە مرۆکاڵفامەی ماوەیەکی زۆرە سایتەکەی بەڕێزتان وسایتی کوردستان پۆستیان هەرسان کردوە. لەڕاستی و کرۆکی ووتارەکەی من نەگەیشتون. چۆن کەسێک کوردستانی بێت سوکایەتی بەپێشمەرگەو شەهیدەوە دەکات؟.

برای شیرینم ئەرکی پەروەردەکردنی تاکی هەر کۆمەڵگایەک دەکەوێتە سەرشانی سێ کەناڵی گرنگ

1-قوتابخانە

2- سیستەمەی سیاسی یاخود دەسەڵات.

3- میدیا: میدیا دەکرێت بە دووبەشەوە

A - میدای دەسەڵاتی دیکتاتۆر چەواشەکەرە.

B- میدیای ئازاد و دەرەوەی دەسەڵات. یان ئۆپۆزسیوین. ڕۆشنکەرەوە.

ڕاڤەکردن لە سەر سیستەمی قوتابخانەکانی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی و میدیاکانیان هێندە بۆگەنە... ووتاری تایبەتی گەرەکە (بڕواننە ووتاری ئازادی میدیا وپاشقولی دەسەڵات... ) ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئاشناکردنی بەرێزتانە بە ڕۆڵی میدیا لە پەروەردەکردنی تاکی کۆمەڵگادا. بەڕێزتان شانازی بە (کوردستان نیت) ە وە وەک کەناڵێکی میدای ئازدی کوردی دەکەن. هەر ئەم هۆیەشە من زۆرترین بەرهەمی چالاکی هزری و ویژەی خۆمی تێدا بڵاودەکەمەوە پێوەری ئازادی دەبێ بە پێوەری (بەپێزی بابەتەوە بێت... نەک بەرەڵایی) ئەو هەموو سوکایەتی ونوسینە بێ پێزانەی لە لایەن جەلالیەکانەوە لە کوردستان نیتدا بڵاودەکرێنەوە دژی پێنوسە ئۆپۆزسیونەکانی دیکتاتۆری کوردی وای لە خۆینەری هوشیارکردوە کە کوردستان نیت بە لاپەڕەیەکی (کوردستانی نۆی جەلال) من وەک ڕەخنەگریکی دەسەڵای دیکتاتۆری کوردی گەلیک ستایشی جەلالیەک دەکەم ڕەخنەیەکم لێبگرێت کە تەنیا یەک ووشەم فێربکات وەلێ ئەوانەی بەڕیزتان بڵاوتانکردۆتەوە لە چەلەحانیەکی بازاڕی وجەلالیەکان تێپەڕناکات زۆر لەو نووسینانەجگە لەبێ پێوەری مۆڕاڵی نووسین. هیچ بنەمایەکی ڕوونرەوی (معریفە) ی پێوە دیارنیە. خۆینەری هوشیار کە ئەو بابەتانە دەخوینتەوە تێدەگات خاوەنەکانیان زۆر عەوامن. ئاستی نووسینەکان هێندە نزمە لە نوسینی سەرخۆش (ئاسۆسیال) ەکانی ئەوروپادەچیت. کاکە عومەر بەڕێزتان دەبێ ئەوەندە هوشیاربن بەوە هەڵنەخەڵتێت گەر سەربازێکی هەڵهاتوو بۆ یادگار وێنەیەکی لەتەک بەڕێزجمالی علی باپیردا گرتوە بۆت دەنێری ئیتر ئەو کەسە جیڤاراوپشمەرگەیەکی جەرگپۆلاین بووە.. ئەگەر شەهید بوون شانازی بێ بۆ خۆشەویستی نیشتمان. وەلی پێوەر نیە بۆ دڵسۆزی گشت ئەندامانی خێزانێک. خێزانی (مستەفاچاوڕەش) زۆرترین شەهیدیانداوە شەهیدکی قارەمانی وەک (ئەکرەمی حەبسەیان) هەیە کەچی مستەفاچاوڕەش خاوەنی فایل و پەیوەندی لەتەک بەعسدایە.

شێخ شەهاب و هاوڕێکانی زمبۆڵی قۆناغێک و بزوتنەوەیەکی سیاسی کوردین کەچی لە خێزانی شیخ شەهابدا برا برا دەکوژێ؟؟؟؟!!!! (کوڕەکانی شیخ ڕووف) لە نێو بزوتنەوەی گەلی باشوری کوردستاندا 350000 جاش هەبووە.. لەنیو ئەندامی سەرکردایەتی یەکیتیدا زیاد لە نیوەیان خاوەنی فایل و پەیوەندی نهێنی بوون لە تەک ڕژێمی بەعسدا بە تایبەتی سکرتیری گشتییەکەیان جەلال کە بێ شەرمانە لەزۆر بووندا ئاشکرایکرد لە تەک خێزانی تکریتییەکاندا پەیوەندی میژووی



.

هەبووە ئیستا پلەی گەرما لە باشوردا 45 بەرەو ژوورترە. منداڵ و کەس و کاری شەهیدە داماوەکان و کەس و کاری بەڕێزتان و منیش گەرمای بێ کارەبا سووتاندوونی و بێ ئاوی خنکاندونی... باڤیلی کوڕی پاشا جەلالیش لە کۆشکەکەیدا لە ئاودەستەکەشیدا ئاوی ساردو گەرم وئارکۆدشینی هەیە.

(لە کۆشکەکەی مەلا بەختیاردا 21 ئارکۆدشین هەیە) ئایا یەکەم کاری کۆسرەت دوای بوونی بە جێگری سەرۆکی هەریم برینی هێڵی کارەبای هەمیشەیی سەرانی جەلالی نەبوو؟؟ئایا ڕەخنەگرتن لەوەها دەسەڵاتێک خیانەت و تاوانە و شایەنی ئەو هەموو سوکایەتیە کە لە سایتەکەی بەڕیزتان بەمن دەکرێت. کاکە عومەر پیرۆزی و ڕێزی سایتەکەت وەک پیرۆزی و ڕێزی ماڵەکەت و خیزانەکت وایە. ئێمە کە نوسین بۆ سایتەکەت دەنیرین وەک ئەوە وایە میوانی ماڵەکەت بین چۆن ڕێگە دەدرەیت کاڵفامێک سوکایەتی بە میوانێکت بکات کە بە حنجە دەخوێنێتەوە؟؟ئایا چ خانەخویەک ڕێگە دەدا میوانێکی سوکایەتی بە میوانێکی تری لە ماڵەکەیدا بکات؟ سوکایەتی بە میوانێکی بەڕێزتان لە لایەن میوانێکی ترەوە سوکایەتیکردنە بە پیرۆزی سایت و ماڵەکەت.

لەوساتەوەی بەڕێزتان ومن بەیەک ئاشنا بووین (هیچ کاتێک نەوبووە بنووسم وبڵێم... عومەر) هەمیشە لە پێش ناوەکتەوە (کاک. بەڕێز. هیژا. برام) بەکارهانیوە وەلێ بەڕێزتان لە (ترسنامە) کەتدا چونکە بەڕێزتان نەتان نوسیوە. نووسیوتە (جەزا چنگیانی) ئەم نووسینە پچوککردنەوەی منە لە بەرخاتری جەلالیەکان. پێلێشکردنی پڕێنسیبی کاری میدیای ئازادە کە دەبێت خاوەن میدیا بەچاوی ڕێزوزمانی شیرینەوە لە تەک نووسەر و خوێنەوارانادا بپەیڤی. ئەم هەڵویستەت لە تەک ئەو هەڵویستەی کە جەلالیەکان ویستیان بەڕێزتان و کوردستان نێت لە سەردەمەی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری (زاخویدا) بە چەند دەفتەری دۆلار بکڕن و بەڕێزتان پەسەدنتان نەکرد دوو هەڵویستی جیاوازەئەم ڕاستیەت (لە تەلەفونێکدا بە شانازیەوە خۆت بۆمنت باسکرد) دڵنیام ئەو نامە بێ پێزەی لەسەر من بڵاوتکردۆتەوە بە فشار و لەبەر لاواندەوەی دڵی جەلالیەکان بووە خۆت نەتنووسیوە (لە وتاری داهاتودا بۆت ڕووندەکەمەوە کە نووسەری ئەو نامەیە بەڕێزتان نین.. چاوەڕێ بکە) جەلالی یەک بۆی نوسیویت چونکەشێوەی نووسینی نامەکە لەتەک بەڕێزتاندا ناگونجێ. کاکە عومەر دەبێ خاوەنی کەسایەتیەکی تایبەت بەخۆت بێ ناکری هەر جەلالیەک تەلەفونی بۆ کردی (گیڕی بیرکردنەوە وهەڵویستت) بگۆڕی بەڕێزتان ئەگەر ئازادی نەدەن بە خۆتان ئیتر چۆن دەتوانن پرینسیبی کاری ئازاد بپارێزن. ؟؟؟ ئەرکی بەڕیزتان زۆر گرنگە پچوکترین هەڵەی هزری و زمانەوانی و تکنیکی دەبێتە هەڵە و تاوانێکی گەورە چونکە سایتەکەی بەڕیزتان سایتیکی خۆشەویستە وزۆر کەس ڕووتێدەکات. لەو زۆر کەسانە کەسانی ناهوشیار ودەرون نەخۆش وعوام بەهەڵە هەڵەکەی تۆ دووبارەدەکەنەوە هەر دوای بڵاوکردنەوەی (ترسنامەکەت) چەندپینوسی دەروون پیسی کۆمەڵگای عوام بەچ زمان ومۆڕاڵ و زمانێکی تۆڕە لە سایتەکەی بەڕێزتان وکوردستان پۆست دژی من دەنووسن. من ڕێز لە بەڕێزتان وهەموو نوسین و ڕەخنەیەک دەگرم بە مەرجێک یەک پیتی نۆیم فێر بکات و هەڵەیەکم بۆ ڕاستبکاتەوە. کوامەتائەو پریسنیبە جوانانەی نووسین لەو نووسینانەی بەڕێزتان لەسەر من بڵاوتانکردۆتەوە. کاکە عومەر هەرخۆم نەبووم جنیونامەکەی عدنان موفتیم بە وێنەیەکی کایریکاتۆریمەوە بۆ ناردی بڵاوی بکەیتەوە من لە ڕەخنە ناترسم.

دەترسم بەڕێزیشتان وەک کەسایەتێکی پاکی میدای کوردی بەم نزیکانە بە هۆی پارچە زەوییەکی دیاری حاکمە دزەکەی بەڕیوەبەری شارەوانی شارەکەمانەوە سلیمانی... (پەتای جەلالی بتانگرێت) .

وێنەی ئەم نامەیە بۆ:

1. هاوڕێ و برام پەشێوی شاعیر
2. هاوڕێ و برا حەمە رەشید هەرەس نووسەر و هونەرمەندی شانۆ
3. حاجی ئەنوەر هاوڕێ و خزم نووسەر
4. نووسەر و شاعیر رۆح سوک کاک پشکۆ نجم الدین
5. هاوڕێ و برای جەربەزە حەمە سەعید حەسەن
6. هاوکارم رۆژنامەنووس نورالدین ویس
7. یاسین بانیخێلانی هاوڕێ نووسەر
8. هاوڕێ و خزم ئاسۆ شابان نووسەر
9. بۆ بەڕێز خوشکە (کانی) دڵسۆز و خۆینەری زرنگی بەرهەمەکانم
10. بۆ بەڕێز خاوەنی ووتاری (وەڵامێکی بوخت بۆ هەموو ئەوانەی سوکایەتی بە جنگیانی دەکەن) (کاک ئازاد) ناوە راستیەکەی نانووسم لەسەر داوای بەڕێزیان.
11. بۆ ئەو هەموو بەڕێزانەی کە بە ئیمایل داکۆکیان لە هەڵویست و نوسینەکانی من کردوە. رەخنەی جوانیان لێگرتووم.
12. بۆ خاوەنی گشت سایتە کوردیەکان.
13. نەک ئەم نامەیە ئاگاداریی نامەیەک بە زمانی ئەڵمانی بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسان و پۆلیسی ئەڵمانی لەمەڕ هەڕەشەکردنیجەلالیەکانەوە



ڕاپەڕینی هەڵەبجەیەکان... ئایا ئەم مرۆڤانەتاوانبارن یان تاوانلێکراون لەلایەن جەلالی و بەعسیەکانەوە؟؟

... فرانکفۆرت 29 /2006/06

jazachingiani@hotmail. com
www. chingiani. de